

# بەئیش نا بەڕیش

**دلشاد کاوانی**
Dkawaniy١@yahoo.com

وەکو خەڵکیتر ئاسا سەرەتا هەر لەسیخوڕیەوە دەستیپێکردو چەند جارێك ئەم بەرو ئەوبەری لە نێو ڕیزی حزبەکانی شاخ کردو چەند ڕاپۆرتێکی بەنرخی بۆ ئەمنی شیمالی ڕەوانەکرد، دواتر مەفرەزەخاسەو پاشان فەوجە خەفیفەیێکی وەرگرتو لەپڕۆسەی بەدناوەکەی ئەنفالیش بەدەیان شوانو گاوانی کوردی بە پێشمەرگە وەك خۆیان گوتەنەی بە موخەریب لە قەڵەمدا، خوا هەڵناگرێت لەکاولکردنی دییەکانی کوردستان ڕۆڵێکی باشی هەبووە، ناوە ناوە لەسەر ڕووپەری ڕۆژنامەی هاوکاری وك ئەبتاڵ قادسیە دەرئەکەوت، چەندین بروسکەی پیرۆزبایی لەیادی سەید ڕئیس بلاٌوئەکردەوە، هەر کە ڕاپەرینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی١٩٩١ دەستیپێکرد نەیزانی ڕوو لەکوێ بکات ناچار بۆ پاراستنی سەروماڵی، خۆی لەقەرەی حزبێکی چەکداری کوردستان قایمکردو وەك ئاوی کەوسەر لەڕابردوو پاککرایەوە. هەموو ئەو خیانەتو ئەنفالو تالاٌنکردنو وێرانکردنی بە خەباتی تەنزیمی حزبی بۆ ژمێردراو پۆستێکی باشو ڕێزێکی بێوێنەی لێگیرا، لە شەڕی ناوخۆشدا وەك سەرکردەیێکی لێهاتوو ئەسپەکەی خۆی تاودا، چەندین کوڕی ئەم نیشتمانەی بەکوشتنداو پەیژەکانی لێپرسراوەتیو متمانەی پێ ئەبڕیو ژێراو ژێریش پەیوەندییێکی باشی لەگەڵ موخابەراتو دەزگا سخوڕیەکانی ڕژێم هەبوو، لێزانانە زانیاری لەسەر بارودۆخی کوردستانی بۆ ڕەوانە ئەکردنو چەند جارێکیش شوکرو تەقدیرێکی زۆری بۆهات کەبەیەکێك لە باشترین پیاوەکانی خۆیان دەزانی کە زانیاری تەواوی لەسەر سەرکردەکانی کوردو نێو ڕیزی حزبە کوردستانیەکان ئەدات، ئینجا لەگەڵ ئازادی عێراق، زانی دەستی لەم پەتە بەربووە هەر زوو خۆی خزاندە نێو سوپای تازەی عێراقیو پلەیێکی زۆرچاکی بۆخۆی مسۆگەرکرد لە شەری دژە تیرۆر بۆ عێراقێکی تازەو پرۆژەی ئاشتیو پڕۆسەی دیموکراتیزەی ئەمریکا ئەکاتو شان بەشانی هێزی هاوپەیمانانە، هەرچەندە لە ڕۆژنامەی هاولاٌتیدا یەك دوو جار ناوی لەگەڵ فایلی سیخوڕەکاندا هاتبوو کەچی کەس نەیگوت لەپشتی چاووت دووبرۆ هەیە، لەگەڵ ئەوەش بەرگرییێکی زۆری لێکراو فایلەکەی بەدرۆو دروستکراوو ساختەکاری لەقەڵەمدرا، بۆ دواجار ناوی لەنێو لیستی دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفالیشدا هەبوو، بەلاٌم ئەمجارەش وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو گوتی لێی گەڕێن ئەم دونیایە بەئیش نیە بەڕیشە.